کاتێک بانگ دەدرێت بۆ نوێژ ئەنجامدان؛ شەیتان دوور دەکەوێتەوە وبای لێوە دەردەچێت بۆئەوەی گوێی لە بانگەکە نەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک بانگ دەدرێت بۆ نوێژ ئەنجامدان؛ شەیتان دوور دەکەوێتەوە وبای لێوە دەردەچێت بۆئەوەی گوێی لە بانگەکە نەبێت، ئەگەر بانگ تەواو بوو دەگەڕێتەوە هەتا کاتێک قامەت دەکرێت بۆ نوێژ ئەنجامدان، ئەگەر قامەت کردن تەواو بوو دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی سەرنج وبیرکردنەوە لە مرۆڤ تێکبدات -وەسوەسەی بۆ دەکات- دەڵێت: بیر لە ئەوە بکەرەوە، بیر لە ئەوە بکەرەوە -بیر لە شتێک دەکاتەوە کە پێشتر بیری لێ نەدەکردەوە- هەتاوەکو پیاو نازانێت چەند (ڕکات) نوێژی کردووە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک بانگبێژ بانگ دەدات، شەیتان دوور دەکەوێتەوە بۆئەوەی گوێی لە بانگەکە نەبێت، وبای لێوە دەردەچێت، وا دیارە بە ئەنقسەت ئەمە دەکات، بۆئەوەی گوێی لە بانگی بانگبێژەکە نەبێت، یان ئەمە دەکات وەکو گاڵتەکردن بە بانگەکە هەورەکو چۆن نەفامەکان ئەم جۆرە کارە ئەکەن، ولەوەیە بەئەنقسەت ئەمە بکات چونکە بۆ نوێژکردن دەبێت مرۆڤ پاک بێت بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە لە کاتی بانگدا پیسی وبۆگەنی خۆی دەردەخات، ویان لەوەیە بە ئەنقسەت ئەمە نەکات بەڵکو لە کاتی بیستنی بانگدا لە ترسدا ئەم بایەی لێوە دەردەچێت بەهۆی دەنگی بانگەکەوە. (ئەگەر بانگ تەواو بوو دەگەڕێتەوە هەتا کاتێک قامەت دەکرێت بۆ نوێژ ئەنجامدان، ئەگەر قامەت کردن تەواو بوو دەگەڕێتەوە): بۆئەوەی وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست بکات، دێت بۆئەوەی سەر لە نەوەی ئادەم بشێوێنێت وسەرقاڵی بکات لە نوێژەکەی، وشەیتان دوور دەکەوێتە لە کاتی بانگدان چونکە بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ وشەی یەک خوا پەرستی -تەوحید- ودروشمەکانی تری ئیسلام دەکرێت، وحەز ناکات گوێی لە یادی خوای گەورە بێت -عز وجل-، وئەمیش مانای ئەم ئایەتەیە: {مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ} [الناس: 3] واتە: {لە شەڕ و خراپەی ئەو شەیتانەی کە وەسوەسە وخەیاڵ دەخاتە دڵەوە (کاتێک ناوی خودا ببرێت) خۆی پەنهان دەدات}، واتا کاتێک ناوی خوای گەورە دەهێندرێت، خۆی دەشارێتەوە ودوور دەکەوێتەوە. (بۆئەوەی سەرنج وبیرکردنەوە لە مرۆڤ تێکبدات -وەسوەسەی بۆ دەکات-): دێت و بۆئەوەی مرۆڤ بیری لە لای خۆی نەبێت وسەرنجی لای ئەو وشانە نەبێت کە دەیڵێت وبیری لێنەکاتەوە چونکە ئەگەر بیری لێبکاتەوە ئەوا بە خشوعی وجوانی نوێژەکە ئەنجامدەدات وشەیتانیش ئەمەی ناوێت. (پێی دەڵێت: بیر لە ئەوە بکەرەوە، بیر لە ئەوە بکەرەوە -بیر لە شتێک دەکاتەوە کە پێشتر بیری لێ نەدەکردەوە): واتا لە پێش نوێژەکەدا هەرگیز بیری لە ئەم شتانە نەدەکردەوە بەڵام لە کاتی نوێژدا شەیتان تووشی وەسواسی دەکات بۆئەوەی بیرم لەم وشانە بکاتەوە وئاگای لە یادی خوای گەورە نەبێت وبیری لێ نەکاتەوە. (و- هەتاوەکو پیاو نازانێت چەند -ڕکات- نوێژی کردووە): واتا مرۆڤ خەیاڵی دەڕوات ونازانێت چەندێک ڕکاتی ئەنجامداوە، لە کاتی نوێژدا ئامادە بوو ئەگەرچیش خوێندنەوەی قورئان ونزاکردنی تێدایە؛ چونکە زۆربەی بە نهێنی دەووترێت وپاڕانەوەیە بۆیە لێرەیە دەیەوێت ئەم زیکر وخوێندانە لە نوێژخوێن تێکبدات وخشوعی نەمێنێت وبیری بۆ شوێنێکی تر بڕوات، وهەروەها ووتراوە: لە کاتی بانگدا ڕا دەکات بۆئەوەی ناچار نەبێت شاهێدی بۆ نەوەی ئادەم بدات لە ڕۆژی قیامەتدا هەروەکو لە گێڕانەوە -ئەبی سەعید:أبي سعيد-دا هاتووە .